بۆ پیرۆزبایی نەورۆزی ١٣٨٤ لە هاوڕێم خاتوو دوکتۆر christine clavier ( هاژە )

کە ژیانی خۆی بۆ دوو خزمەتی مەزن تەرخان کردووە:

یەکەم، مرۆڤ

دووەم، ئەدەبی کوردی

## ***رۆحی سروشت***

**ئەی مرۆی سەرگەردان!**

**لە پشت پەردەی ئەم لەشە ڕەنگاوڕەنگە، چ ڕۆحێکی بچووک خۆی حەشار داوە؟**

**چ مشکێکی ترسنۆك، یا پشیلەیەکی دز، یا ڕێوییەکی فێڵەباز خۆی شاردووەتەوە؟**

**★ ★ ★**

**هۆ.. سروەی فێنك و هێدی!**

**تۆ چ ئازاد و سەربەست دەژی!**

**لەوبەر پەردەی ئاوریشمین و ناسکت، کامە ڕۆحی مەزن حوکمڕانی دەکا؟**

**ئەی سپیداری بە هێز و سەربەرز!**

**تۆ چ ئەرخەیان و ئاسوودە ڕادەژێی و چ بە ئەوینەوە لە نزیك و دوور دەڕوانی!**

**لە دەمارەکانی لەشتا شۆڵاوکەی کامە خۆشەویستی دەگەڕێ، کە دانە دانەی گەڵاکانتی وە سەما خستووە؟**

**هۆ.. خۆری بە تین و مێهرەبان!**

**لە ناو دڵی گەرموگوڕتدا، کێهە ڕۆحی گەورەیە، وا ئەویندارانە و دڵاوا بەسەر تاریکیدا دەباری و پرزۆڵەکانی خۆشەویستی و ژیان تا دوورەدەستەکانی سەرماوسۆڵ هەڵدەدێری؟**

**ئەی شەو!**

**لە پشت زولفە قەترانییەکەت، کامە ڕۆحی هێدی ئارامی گرتووە، کە بە بێجیاوازی، حەسانەوە و ڤینیات بە زیندەوەر دەبەخشێ؟**

**هۆ.. لۆکەکانی کلووی بەفر، ئەی دڵۆپە ژیانبەخشەکانی باران!**

**ئەوە کامە گیانی مەزنە، بۆشایی نێوان دەنکەکانتانی پڕ کردووەتەوە، کە وا بەخشندە و دڵفراوان دەخزێنە ئامێزی نیازمەندان و بە بێ هیچ سەودا و چاوەڕوانییەك تینوێتییان دەشکێنن؟**

**هۆ.. خاك! با! ئەستێرە! ئاسمان!**

**ئەی سروشت!!**

**ئێوە چ پاك دەژین، چ پاکژ!! چ ئەویندارانە دەڕوانن، چ عاشق!!**

**و تۆ ئەی ئافرەتی فریشتەی سەر ئەرز!**

**چ نەرم و هێدی وەك شنە، چ ئارام و مەند وەك ئاو، وردە رودە خزاویتە ئامێزی سروشت.**

**زولفەکانت بوونە شەو؛ چاوەکانت هەسارە؛ دڵت خۆر؛ فرمێسکەکانت باران؛ هەناسەت سروە و بەژنیشت سپیدار.**

**لە ناو چوار دیواری ئەم لەشولارە بچووك و نازەنینەدا، ڕۆحی سروشت دەژی و زرێباری مێهرەبانی شەپۆل دەدا.**

**عەبدوڵڵا سەمەدی – ٢ی خاکەلێوەی ١٣٨٤**